وەقایعی كوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی كوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە(٣٤٧)   ساڵی بیست و شەش   ٢٩ ئەیلوول ٢٠٢٦زایینی   ٧ ڕەزبەر ٢٧٢٦ كوردی   ١٨ ربيع الثاني ١٤٤٨ كۆچی

347

ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی ناوخۆ — ل ١

هەمواری یەكەمی ڕێنمایی مەرجەكانی سەلامەتی و تۆماركردنی ئۆتۆمبێلی هاوردەكراو ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٥

ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی دارایی ئابووری — ٢

تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی ئاسایی بێ مووچە

ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی دارایی ئابووری — ٣

تایبەت بە مووچەی مانگانەی خانەنشینی كرێكاران

ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی — ٤

ڕێنمایی پێشكەشكردن و وەرگرتن بۆ خوێندن و ڕاهێنانی بۆردی پزیشكی لە ئەنجومەنی باڵای كوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەكانی پزیشكی

ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو — ٢٠

هەمواری دووەمی ڕێنمایی سەرپەرشتیارانی پرۆژەكانی كشتوكاڵی لەكەرتی تایبەت ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی داد — ٢١

هێنانەكایەی هۆبەی (تۆماری پرۆژە نیشتەجێكان) لە هەریەک لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماركردنی خانووبەرەی (سێمێل و عنكاوە).

بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی ناوخۆ — ٢١

فراوانكردنی گوندی (**فەقێ محمود**) ناسراو بە (**نەژوێنی**)

بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو — ٢٢

گۆڕینی ناوی (بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری بۆ بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەكانی ئاو لە پارێزگای هەڵەبجە).

بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو — ٢٢

گۆڕینی ناوی (بەشی كشتوكاڵی بۆ بەڕێوەبەرایەتی كشتوكاڵی خەلیفان) وە گۆڕینی (بەشی كشتوكاڵی بەڕێوەبەرایەتی كشتوكاڵی سیدەكان).

بەیانی ژمارە (١٧ - ١٨ - ١٩ - ٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی تەندروستی — ٢٣

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد(٣٤٧)	السنة ستة وعشرون	٢٩ أيلول ٢٠٢٦م.	٧ رەزبەر ٢٧٢٦ ك.	١٨ ربيع الثاني ١٤٤٨ هـ.

347

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط	ص
تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الداخلية	١
تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٦ وزارة المالية والاقتصاد	٢
تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٦ وزارة المالية والاقتصاد	٣
تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٦ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي	٥
تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الزراعة والموارد المائية	٢٠
بيان رقم (٨) لسنة ٢٠٢٦ وزارة العدل	٢١
بيان رقم (١٥) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الداخلية	٢١
بيان رقم (١ - ٢) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الزراعة والموارد المائية	٢٢
بيان رقم (١٧ - ١٨ - ١٩ - ٢٠) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الصحة	٢٣

No. 347 Date: September 29, 2026 - Vol.: 26

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە: ٢٥١٥١ لە ٢٠٢٦/٨/٢٠

ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٦

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو

لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٥

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنماییمان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٥ تایبەت بە مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لە هەرێمی کوردستان و لەبەر بارودۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە و کاریگەری ڕاستەوخۆی نەرێنی لەسەر جوڵەی بازرگانیی نێودەوڵەتی و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم هەمواره ڕێنماییە:

ماددەی (١):

هەموار کردنەوەی خاڵی ٢ لەبڕگەی یەکەم لە ماددەی نۆیەم لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٢- خاڵی (١)ی سەرەوە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٧/٩/١)ـەوە جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی (٢):

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

ڕێبەر ئەحمەد

وەزیری ناوخۆ

وەزارەتی دارایی و ئابووری
ژمارە: ٨٦٠١ لە ٢٠٢٦/٩/٦

ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٦

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (٣٠٠) لە ٢٠٢٦/٧/٢٢ بە نووسراویان ژمارە (٢٤٤٦) لە ٢٠٢٦/٨/٥، و بڕگەی (یەکەم)ی کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٦٧) لە٢٠٢٦/٩/٦ بڕیاردرا بە:

یەکەم: وەزیر و سەرۆکی دەستەی نەبەستراو بە وەزارەت مافی پێدانی (مۆڵەتی ئاسایی بێ مووچە)یان هەیە بە فەرمانبەران لە کاتی پێویستدا بە مەرجێک ماوەی مۆڵەتەکە لە (٢) دوو ساڵ تێپەڕ نەکات.

دووەم: ماوەی مۆڵەتی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە بۆ هیچ مەبەستێکی خزمەت و خانەنشینی هەژمار ناکرێت.

سێیەم: ڕاگرتنی کارکردن بە ڕێنماییەکانمان ژمارە (٤ و ١٤)ی ساڵی (٢٠١٥)، (١٧ و ٢٣)ی ساڵی (٢٠١٦)، (١ و ٤ و ١٧)ی ساڵی (٢٠١٧)، (٨ و ١٠)ی ساڵی (٢٠١٨)، (٣)ی ساڵی (٢٠٢٠)، و (٥)ی ساڵی (٢٠٢٢).

چوارەم: ئەو فەرمانبەرانەی پێش بەرکاربوونی ئەم ڕێنماییە مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە، ئەوا لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییە ئاماژە پێکراوەکانی بڕگەی (سێیەم)ی سەرەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت تا تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتەکەیان و ئیتر جارێکی تر نوێ ناکرێتەوە.

پێنجەم: ئەو فەرمانبەرانەی مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە بەپێی ڕێنماییە ئاماژە پێکراوەکانی بڕگەی (سێیەم)ی سەرەوەی ئەم ڕێنماییە شایستە نابن بە وەرگرتنی مۆڵەتی ئاماژەپێکراوی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە ئەگەر هاتوو کۆی مۆڵەتەکانیان ماوەی (٢) دوو ساڵی پڕکردبووەوە.

شەشەم: هەرفەرمانبەرێک پێش بەرکاربوونی ڕێنماییە ئاماژە پێکراوەکانی بڕگەی (سێیەم)ی سەرەوە مۆڵەتی بێ مووچەی وەرگرتبێت ئەوا مۆڵەتەکەی لە چوارچێوەی ماوەی هاتووی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە هەژمار دەکرێت.

حەوتەم: ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری

وەزارەتی دارایی و ئابووری
ژمارە: ٨٦٠٠ لە ٢٠٢٦/٩/٦

ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٦

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٩٧) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٦/٢٤ بەنووسراویان ژمارە (٩٠٠٧) لە ٢٠٢٦/٧/٢٧ بڕگەی (دووەم)ی کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٦٧) لە ٢٠٢٦/٩/٦ بڕیاردرا بە:

یەکەم: کەمترین مووچەی مانگانەی خانەنشینی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت بەبڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی دیاری دەکرێت.

دووەم: بەپێی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (٣٩)ی ساڵی١٩٧١ی هەموارکراو، و یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ (یاسای پیادەکردنی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران) ئەوانەی شایستەی مووچەی هاتووی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە دەبن ئەمانەن:

١- خانەنشینی بەپێی تەمەن و خزمەت:

أ- ئەگەر پیاو تەمەنی (٦٠) شەست ساڵی تەواو کردبێت یاخود ئافرەت تەمەنی (٥٥) پەنجا و پێنج ساڵی تەواو کردبێت و لانی کەم (٢٠) بیست ساڵ خزمەتی دەستەبەرکراویان هەبێت.

ب- ئەگەر پیاو لانی کەم (٣٠) سی ساڵ خزمەتی دەستەبەرکراوی هەبێت یاخود ئافرەت (٢٥) بیست و پێنج ساڵ خزمەتی دەستەبەرکراوی هەبێت.

٢- نەخۆشی پیشەیی: ئەو کرێکارانەی تووشی نەخۆشی پیشەیی دەبن بە ڕێژەی (١٠٠%) بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی.

٣- پێکانی کار: ئەگەر کرێکار تووشی پێکانی کاربوو وە بووە هۆی پەککەوتەی تەواو یاخود مردنی بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی.

٤- کۆچی دوایی کرێکار: ئەگەر لە ماوەی خزمەتی دەستەبەرکراویدا کرێکارەکە کۆچی دوایی کرد و ناوی لە تۆمارەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەردەوام بوو، جێماوەکانی شایستەی مووچەی خانەنشینی تەواو دەبن.

سێیەم: ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
ژمارە: ١٥٨١٠ لە ٢٠٢٦/٩/١٦

پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (پەنجایەم)، هەروەها بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (سی و پێنجەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٦)

ڕێنمایی پێشکەشکردن و وەرگرتن بۆ خوێندن و ڕاهێنانی بۆڕدی پزیشکی بۆ پسپۆڕی گشتی و پسپۆڕی وورد لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٦-٢٠٢٧)

ماددەی (١): مەرجە گشتیەکان:

١- نووسراوی لارینەبوون و پوختەی ڕاژە لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار بەپێی ڕێنمایە کارپێکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان.

٢- مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی: بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی تەنها بۆ پێشکەشکارانی پسپۆڕی گشتی بریتی دەبێت لە (IELTS-Academic: 6, TOEFL-iBT: 73, Pearson PTE-Academic: 67) یاخود تەواوکردنی ئاستی (Advanced) لە سەنتەرەکانی زمان لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بە سەرکەوتوویی و دوا مۆڵەت بۆ پێشکەشکردنی بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ سەرجەم ڕاهێنراوانی بۆڕد پێش تاقیکردنەوەی بەشی دووەم (کۆتایی) تیۆری دەبێت. بەپێچەوانە بە سەرنەکەوتوو هەژمار دەکرێت و سرینەوەی ناوی بۆ دەکرێت.

ب- هەڵگرانی بڕوانامەی بۆڕدی پزیشکی کە پێشکەشی پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) دەکەن، لە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی دەبەخشرێن.

ج- سەبارەت بە ئەنجامدانی بڕوانامەی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە وەکو (IELTS-Academic, TOEFL-iBT, Pearson PTE-Academic) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت، لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوسترالیا)، بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت و پشتگوێ دەخرێت.

د- پێویستە لەسەر ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بە زووترین کات ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی (IELTS, TOEFL-iBT, Pearson PTE-)ی وەرگیراوان بکات.

ە- بڕوانامەی تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (Pearson PTE-Academic, TOEFL, IELTS-Academic) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك ئەو بڕوانامانەی کە ماوەی (٢) دوو ساڵیان بەسەردا تێپەریووە، پێویستە پێشووتر ڕاست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان کرابێت.

٣- ڕۆژی دەستپێکردنی پرۆسەی پێشکەشکردن دەبێت بە بنەما سەبارەت بە تەمەنی پێشکەشکار بۆ خوێندن بە شێوازی خۆرایی نابێت لە (٥٠) ساڵ زیاتر بێت، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار دەتوانێت بە سیستەمی پاراڵێل پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات.

٤- مەرجە پێشکەشکار خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، بە پێچەوانەوە دەتوانێت بە شێوازی پاراڵێل داواکاری پێشکەش بکات.

٥- پێشکەشکارانی دانەمەزراو: ئەو پێشکەشکارانەی کە لە کاتی پێشکەشکردندا دانەمەزراون و خزمەتی کەرتی تەندروستییان لە دەرەوەی وڵات یان دەرەوەی هەرێمی کوردستان تەواو کردووە، ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان نووسراوێک ئاراستەی (وەزارەتی تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان)ی هەرێمی کوردستان دەکات بە مەبەستی وردبینیکردنی زانیاری و پێدانی نووسراوی لارینەبوون کە خزمەتەکانیان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیان بووە.

ماددەی (٢): مەرجە تایبەتیەکان:

١- ئەم پسپۆڕیانەی کە لە خوارەوە هاتووە پێویستیان بە پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بەپێی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان (Anesthesia, Psychiatry, Intensive Care Medicine, Emergency Medicine).....هتد

٢- مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی Intensive Care Medicine: هەمان مەرجە گشتیەکانی لەسەر پەیڕەو دەکرێت لەم پسپۆڕیەتیە و پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە بۆ (Track I) لە حالەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بەپێی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان.

٣- مەرجی خوێندن و ڕاهێنان بۆ پسپۆڕیەتیەکانی (Health Administration, Infectious Disease Control) بریتی دەبێت لە:

أ- پێشکەشکار پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج.

ب- تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی گشتی دەتوانن پێشکەشی پسپۆڕی (Infectious Disease Control) بکەن.

ج- دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی دەتوانن پێشکەشی پسپۆڕی (Health Administration) بکەن.

د- تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی ددان دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی (Dental Public Health)بکەن و پێشکەشکار مەرجە ساڵێک خزمەتی وەکو پلەبەند هەبێت.

٤- ئەو پێشکەشکارانەی کە پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان دەکەن بۆ هەردوو پسپۆڕی (Dermatology, Plastic Surgery)پێویستە بە لایەنی کەمەوە (١) ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی لە هەمان بەش هەبێت و پابەند بێت بە ڕێنماییە کارپێکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی.

٥- بۆ پسپۆڕییەکانی پزیشکی ددان و دەرمانساز، پێشکەشکار پێویستە بە لایەنی کەم (٣) سێ ساڵ خزمەتی کردەیی هەبێت بە پێی ڕێنمایی کارپێکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی لەم بارەیەوە.

٦- پێشکەشکارانی دانەمەزراو لە پسپۆرییەکانی (پزیشکی گشتی، پزیشکی ددان، دەرمانسازی) هەمان مەرج و ڕێنمایی پزیشکانی دامەزراو لەسەریان جێبەجێ دەکرێت کە پێویستە (١) یەک ساڵ پزیشکی خولاوی و (٢) دوو ساڵ پلەبەندی وەکو خۆبەخش یان خزمەتی حکومی پەسەندکراویان لە لایەن وەزارەتی تەندروستی تەواو کردبێت بەپێی ئەو شوێنەی خزمەتی لێی کردووە بە نووسراوی فەرمی پشتراست بکرێتەوە، هەروەها پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٦-٢٠٢٧) تەنها بە شێوەی پاراڵێل دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پێشکەشکار نووسراوی پشتگیری لە (وەزارەتی تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان)ی هەرێمی کوردستان بهێنێت و پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بکات لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن.

مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان		
پسپۆڕیەکان	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I)	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد(Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship)
Internal Medicine	(١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی هەناو	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Pediatrics	(١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی منداڵان	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Family Medicine	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Psychiatry	پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Gastroenterology	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بۆڕدی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت
Emergency Medicine	پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Neurology	(١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی مێشک و کۆمەڵەی دەمار	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Medical Oncology	(١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Clinical Hematology	(١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی لە نەخۆشیەکانی خوێن	هەڵگری بۆڕدی هەناوی و Hematopathology

مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان		
پسپۆڕییەکان	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I)	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد(Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship)
Dermatology	(١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی پێست وە پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی لەم بارەیەوە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Nephrology	(١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی هەناو یاخود لە نەخۆشییەکانی گورچیلە	هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت
Rheumatology	(١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی لە ڕۆماتیزم و چارەسەری سروشتی	هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت
Pulmonary Medicine	(١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی لە نەخۆشییەکانی هەناوی	هەڵگری بۆردی هەناوی یاخود Emergency Medicine)، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت
Cardiology	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت
Endocrinology & Diabetes	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت
Clinical Pharmacy	(١) یەک ساڵ خزمەتی دەرمانسازی نیشتەجێی خولاو (٢) ساڵ خزمەتی دەرمانسازی پلەبەند یاخود کۆی گشتی (٣) ساڵ خزمەتی هەبێت	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Pediatric Cardiology	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بۆردی نەخۆشییەکانی منداڵان، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت
Geriatric Medicine	پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Internal Medicine) یاخود (Family Medicine) و (Emergency Medicine) یاخود (Community Medicine) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ
Pediatric Haemato-Oncology	(١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی لە (Pediatric Haemato-Oncology)	هەڵگری بۆردی نەخۆشییەکانی منداڵان، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت
Neonatology	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بۆردی نەخۆشییەکانی منداڵان، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت
Infectious Disease	پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Internal Medicine) و (Family Medicine) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ
Pediatric GIT	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بۆردی نەخۆشییەکانی منداڵان، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٢) دوو ساڵ دەبێت
Vascular and Endovascular Interventional Therapy	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد لە (General Surgery) یاخود (Cardiothoracic and Vascular Surgery) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ
Neurovascular Intervention	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە (Neurology) یاخود (Neurosurgery) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ

مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان		
پسپۆڕییەکان	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I)	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد(Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship)
Intensive Care Medicine	پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی	هەڵگرانی بروانامەی بۆرد لە (General Surgery, Cardiothoracic Surgery, Neurology, Anesthesia, Internal Medicine, Pediatrics, Emergency Medicine, Cardiology, Respiratory Medicine, Nephrology) ماوەی خوێندن و ڕاهێنانیان (٣) ساڵ دەبێت
Allergy and Immunology	پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Pediatric Nephrology	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە (Pediatrics)
Pediatric Endocrinology	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە (Pediatrics)
Pediatric Rheumatology	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە (Pediatrics – Rheumatology)
Physical Medicine and Rehabilitation	(١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی لە یەکێک لە بەشەکانی (Internal Medicine – Neurology – Rheumatology – Neurosurgery – Orthopedic)	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Bone Marrow Transplantation	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Clinical Hematology) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ
General Surgery	(١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری گشتی	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
&Obstetrics Gynecology	(١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی ئافرەتان و لەدایکبوون	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Neurosurgery	(١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری مێشک و کۆمەڵەی دەمارەکان و بڕبڕەی پشت	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Orthopedics	(١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی ئێسک و شکان	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
ENT	(١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری قورگ و لوت و گوێ	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Urology	(١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری میزەڕۆ	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Cardiothoracic & Vascular Surgery	(١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری سنگ و بۆریەکانی خوێن	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Plastic Surgery	(١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری جوانکاری و ڕێکاری وە پابەند بێت بە ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی لەم بارەیەوە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Digestive & Hepatic Surgery	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بۆردی نەشتەرگەری گشتی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت
Ophthalmology	(١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری چاو	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Pediatric Surgery	(١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری منداڵان	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە

مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و راهێنان		
پسپۆڕییەکان	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I)	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد(Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship)
Rhinology - Endoscopic Skull Base Surgery)	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بۆردی قورگ و لوت و گوێ ENT، ماوەی خوێندن و راهێنان (٣) ساڵ دەبێت
Maternal-Fetal Medicine	- هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (Obstetrics & Gynecology) ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ - هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (١) یەک ساڵە لە (Obstetrics & Gynecology) ماوەی ڕاهێنان: (٥) پێنج ساڵ	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Obstetrics & Gynecology) ماوەی ڕاهێنان: (٣) سێ ساڵ فیلۆشیپ
Gynecological Oncology	-هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە(Obstetrics & Gynecology),ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (١) یەک ساڵە لە, (Obstetrics & Gynecology) ماوەی ڕاهێنان: (٥) پێنج ساڵ	- هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Obstetrics & Gynecology) - ماوەی ڕاهێنان: (٣) سێ ساڵ فیلۆشیپ
Urogynecology	-هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (Obstetrics & Gynecology) ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ - هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (١) یەک ساڵە لە (Obstetrics & Gynecology) ماوەی ڕاهێنان: (٥) پێنج ساڵ	-هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Obstetrics & Gynecology) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ
Reproductive Endocrinology and Infertility	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بۆردی (Obstetrics & Gynecology)، ماوەی خوێندن و راهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت
Head & Neck Surgery	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری یەکێک لە بۆردەکانی (ENT یان General Surgery)، ماوەی خوێندن و راهێنان (٢) دوو ساڵ دەبێت
Otology	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بۆردی (ENT)، ماوەی خوێندن و راهێنان (٢) دوو ساڵ دەبێت
Intra-Abdominal Solid Organ Transplant	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری یەکێک لە بۆردەکانی: (Urology) یان General Surgery یان GIT Surgery) ماوەی خوێندن و راهێنان (٢) دوو ساڵ دەبێت
Trauma Surgery	هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (General Surgery) ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (General Surgery) ماوەی ڕاهێنان: (٣) سێ ساڵ تراک دوو
Facial Plastic & Reconstructive Surgery	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری یەکێک لە بۆردەکانی: (ENT یان Plastic Surgery)، ماوەی خوێندن و راهێنان (٣) ساڵ دەبێت
Bariatric Surgery	هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (General Surgery) یاخود (GIT Surgery) ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (General Surgery) و (GIT Surgery) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ

مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان		
پسپۆڕیەکان	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I)	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد(Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship)
Breast Surgery	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (General Surgery) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ
Pediatric Orthopedic	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Orthopedics) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ
Forensic Medicine	پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Hand Surgery	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Orthopedics) ماوەی ڕاهێنان: (٣) ساڵ فیلۆشیپ
Anesthesia	پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Cardiac Anesthesia	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Anesthesia) ماوەی ڕاهێنان: (٣) سێ ساڵ فیلۆشیپ
Oral & Maxillofacial Surgery	(١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری دەم و ڕوو و شەویلاگ	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Oral & Maxillofacial Medicine	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Restorative Dentistry	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Orthodontics	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Special Care Dentistry	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Hematology	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Histopathology	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Chemical Pathology	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Clinical Microbiology	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Radiology & Medical Imaging	(٢) دوو ساڵ نیشتەجێی دێرینی تیشک و سۆنار یاخود (٢) دوو ساڵ خولی تیشک و سۆنار (دورة تدريب الاشعة)	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Radiation Oncology	(١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی چارەسەرکردنی شێرپەنجە بە تیشک	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Woman Imaging Fellowship	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Radiology) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ

مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و راهێنان		
پسپۆڕیەکان	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I)	مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد(Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship)
Musculoskeletal Radiology	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Radiology) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ
Cardiovascular Diagnostic Radiology	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Radiology – Cardiology) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ
Interventional Radiology	ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە	هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە (Radiology) ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ
Community Medicine	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Health Administration	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Infectious Disease Control	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە
Dental Public Health	پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە	ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە

پسپۆڕی گشتی (Track I): پسپۆڕی گشتی هەڵگرانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس، دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) دەتوانن پێشکەشی ئەم بەشانە بکەن.

پسپۆڕی وورد (Track II): تەنها هەڵگرانی بڕوانامەی (بۆڕدی پزیشکی) دەتوانن پێشکەشی ئەم بەشانە بکەن.

فیلۆشیپ (Fellowship): تەنها هەڵگرانی بڕوانامەی (بۆردی پزیشکی) دەتوانن پێشکەشی ئەم بەشانە بکەن.

تێبینی/

١- دەرچووی کۆلێژەکانی (پزیشکی گشتی، ددان و دەرمانسازی) دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن لە پسپۆری (کارگێڕی تەندروستی - Health Administration).

٢- هەڵگری بڕوانامەکانی (MRCP,MRCS,FRCP,FRCS) بە هاوتای بۆرد هەژمار ناکرێت، تەنها ئەو بڕوانامانە هەژمار دەکرێن کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان یەکسانکردنی بڕوانامەی بۆ کراوە لەسەر بنەمای (CCT).

ماددەی (٣): تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:

١- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەیەکی ستانداردی ناوەندی ئەنجام دەدرێت کە پرسیار و هەڵەچنینی پەڕاوی تاقیکردنەوەکان لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی ئامادە دەکرێت و ئەنجام دەدرێت.

٢- پێشکەشکار مەرجە لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت و پێویستە بە لایەنی کەم (٥٠) پەنجا نمرە لەسەر (١٠٠) سەد نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە مافی بەشداریکردنی پێشبرکێی نامێنێت.

٣- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تەنها بە شێوازی تیۆری ئەنجام دەدرێت.

٤- بۆ تاقیکردنەوەی توانستی زانستی مامەڵە لەگەڵ نمرەی بەدەستهاتوو دەکرێت، واتە نمرەکان نزیکردنەوە (جبر-Rounding) ناکرێن و کێرڤ نادرێت.

٥- پێویستە لیژنەیەکی زانستی تایبەت سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات پاڵپشت بە رێنماییەکان.

٦- لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایانی پسپۆڕ، پێویستە وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

ماددەی (٤): رێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:

شێوازی وەرگرتن و پێوەرەکانی پێشبرکێ لە نێوان پێشکەشکاران بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

١- نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، رێژەی (٣٠٪)ی بۆ تەرخان دەکرێت.

٢- نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، رێژەی (٧٠٪)ی بۆ تەرخان دەکرێت.

تێبینی:

أ- بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی، (٤) چوار نمرەی وەکو خاڵیان پێ دەدرێت بۆ مەبەستی بەشداریکردنی لە پێشبرکێ.

ب- بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی پزیشکی، (٢) دوو نمرەی وەکو خاڵیان پێ دەدرێت بۆ مەبەستی بەشداریکردنی لە پێشبرکێ.

ج- بۆ خاڵەکانی (أ – ب)ی سەرەوە، مەرجە پێشکەشکار بڕوانامەی باڵای (ماستەر – دبلۆمی دوو ساڵە و دبلۆمی یەک ساڵە)ی لە هەمان ئەو پسپۆڕییە بێت کە پێشکەشی دەکات، بۆ نموونە پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دبلۆمی باڵا لە بواری (Clinical Pharmacy) بێت، پێویستە پێشکەشی پسپۆڕی (Clinical Pharmacy) بکات، پاشان نمرەی بڕوانامەی باڵای بۆ هەژمار دەکرێت و بە پێچەوانەوە هیچ نمرەیەکی بۆ هەژمار ناکرێت.

د- بۆ هەر ساڵێکی نیشتەجێی دێرین، (٢) دوو نمرە وەکو خاڵ پێ دەدرێت بۆ مەبەستی بەشداریکردنی لە پێشبرکێ و تەنها (٢) دوو ساڵ هەژمار دەکرێت بۆ وەرگرتنی خاڵ.

هـ- بۆ هەر ساڵێکی خزمەت پاش پسپۆری یاخود نیشتەجێی دێرین (١) یەک نمرە وەکو خاڵ پێدەدرێت بۆ مەبەستی بەشداریکردنی لە پێشبرکێ و تەنها (٢) دوو ساڵ هەژمار دەکرێت بۆ وەرگرتنی خاڵ.

و- لە پسپۆری وورد و Fellowship، تاقیکردنەوە لەسەر (١٠٠) نمرە ئەنجام دەدرێت و نمرەی بەدەستهاتوو دەبێتە نمرەی پێشبرکێ بۆ خاڵبەندی.

ز- چۆنیەتی هەژمارکردنی ماوەی خزمەتی نیشتەجێی دێرینی: دوای دەست نیشانکردنی ڕێکەوتی هەژمارکردنی نیشتەجێی دێرینی لە لایەن ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان، پێویستە پێشکەشکار لە ڕێکەوتی هەژمارکردنی خزمەتی نیشتەجێی دێرینی ماوەی (١) یەک ساڵ خزمەتی کردەیی هەبێت و مۆڵەتەکانی (دایکایەتی و ٢١ ڕۆژی) لە ماوەی خزمەتی نیشتەجێی دێرینی بۆ هەژمار ناکرێت.

ح- ئەگەر (٢٩) بیست و نۆ ڕۆژ کەمتر بێت لە ساڵێک، ئەوە ڕێگە پێدراوە بۆ هەژمارکردنی خزمەتی نیشتەجێی دێرین.

ماددەی (٥): بەڵگەنامە پێویستیەکان:

١- دروستکردنی هەژماری تایبەت و پڕکردنەوەی فۆڕمی پێشکەشکردن لە وێبسایتی فەرمی بۆردی کوردستانی.

٢- نووسراوی لاری نەبوون و دوایین پوختەی ڕاژە لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پێشمەرگە.

تێبینی: سەبارەت بە پێشکەشکردن بۆ دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی زانکۆ دەبێت.

٣- بڕوانامەی بە نمرەی بەکالۆریۆس بە زمانی ئینگلیزی (وێنەی ڕەسەن).

٤- بڕوانامەی دەرچوون بۆ هەڵگرانی (بڕوانامەکانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا و بۆڕدی پزیشکی) ئەگەر هەبێت بە شێوەی ڕەسەن.

٥- وێنەی ڕەنگاوڕەنگی (کارتی زانیاری) و (کارتی نیشتمانی) یاخود (پاسپۆرت).

٦- پسولەی ژمێریاری پێشکەشکردن.

٧- ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان دەکەن، پێویستە لە ماوەی پڕۆسەی پێشکەشکردن، بەڵێنامەی یاسایی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی واژوو بکات کە لە بۆردی پزیشکی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وەرنەگیراوە، بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی دەگیرێتەبەر.

٨- بەپێی مەرجی (ماددەی ٢/٢/١/أ)ی ئەم ڕێنماییە، پێویستە بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی ڕەسەن هاوپێچ بکرێت (ئەگەر هەبێت).

ماددەی (٦): مەرج و پێداویستیەکانی کردنەوەی خوێندن و ڕاهێنانی بۆڕدی پزیشکی:

١- بۆ خوێندن و ڕاهێنانی بۆڕدی پزیشکی لە هەر پسپۆڕییەک، مەرجە بە لایەنی کەم (٣) سێ هەڵگری (بڕوانامەی دکتۆرا یان بۆردی پزیشکی) دابین بکرێت کە پلەی زانستیان لە پرۆفیسۆری یاریدەدەری کەمتر نەبێت و پسپۆڕیان لە هەمان بواری خوێندن و ڕاهێنانەکە بێت، لەم بارەیەوە پێویستە ئەو ستافە کە لە پسپۆڕییەکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە پسپۆڕییەکی تر، بە پێچەوانەوە پلانی خوێندن و ڕاهێنان لەو پسپۆڕییانەی کە ستافی زانستی دەستەبەر نەکراوە پەسەند ناکرێت و خوێندنەکە ناکرێتەوە.

٢- بـۆ خوێنـدن و ڕاهێنـانی بـۆڕدی پزیشـکی لـە هـەر پسـپۆرییەک، پێویسـتە ژێرخـانی زانسـتی و ئەکادیمی و کارگێری و کەرەستە و ئـامێر و تـاقیگەی پزیشـکی لە نەخۆشـخانەکان بە شێوەیەکی سـتاندارد بـۆ وەرگیراوەکـان لە لایەن ئەنجـومەنی بـاڵای کوردسـتان بـۆ پسـپۆرییە پزیشـکیەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دابین بکرێـت.

٣- سەبارەت بەو پسپۆرییانەی کە بۆ یەکـەم جـار خوێنـدن و ڕاهێنـانی بـۆردی پزیشـکی دەکەنەوە و مەرجەکانی (١ و ٢)ی سـەرەوەیان تێدایـە، پێویسـتە پڕۆپـۆزەڵی کردنـەوەی خوێنـدنەکە لە لایەن (وەزارەتمان/دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری) پەسەند بکرێـت.

ماددەی (٧): پلان و ژمارەی کورسییەکانی خوێندن و ڕاهێنان:

ئەنجومەنی باڵای کوردستان بـۆ پسـپۆرایەتیەکانی پزیشـکی هەڵدەسـتێت بـە ئامـادەکردنی پلانـی وەرگرتن بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، بەپێی پێداویسـتی راسـتەقینەی داموودەزگاکـانی تەندروسـتی لە هەرێمـی کوردسـتان بە رەچـاوکردنی هەبـوونی سـتافی ئەکـادیمی و ژێرخـانی سەنتەرەکانی خوێندن و راهێنان و پزیشکی و دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی زانستی و پاشـان لە لایەن (وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا و تـوێژینەوەی زانسـتی/فەرمانگـەی توێژینـەوە و پەرەپێـدان/بەڕێـوەبەرایەتی خوێنـدنی بـاڵا) پـلان و ژمـارەی کورسـییەکان دوای دیراسـەتکردن بە واژووی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسەند دەکرێت، دوای تەواوبوونی پرۆسەی پێشکەشـکردن و ئەنجامـدانی تـاقیکردنەوەی توانسـتی زانسـتی، ئەنجـامی بەرایـی و کۆتـایی پێشکەشـکاران بـۆ (وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا و تـوێژینەوەی زانسـتی/فەرمانگـەی توێژینـەوە و پەرەپێـدان/بەڕێـوەبەرایەتی خوێنـدنی بـاڵا) رەوانە دەکرێـت بە مەبەسـتی ووردبینیکـردن و پەسـەندکردنی ئەنجـامی بەرایـی و کۆتـایی وەرگیـراوان لە لایەن وەزیـری خوێنـدنی بـاڵا و توێژینەوەی زانستی.

پلان و ژمارەی کورسیەکانی خوێندن و راهێنان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- **کورسی بە شێوازی خۆرایی:** ئەو پێشکەشکارانەی مافیـان هەیـە پێشکەشـی ئەم جـۆرە کورسـیە بکەن لە نێوان خۆیان پێشبرکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر ژمارەی کورسـیە گشـتیەکان بە شـێوازی خـۆرایی بـە شـێوەی سەرتاسـەری بەپێـی پـلان دەبێـت و ئـەو پێشکەشکارەی بەرزترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی پلان وەردەگیرێت و مافی خوێندنی دەبێت.

٢- **کورسی بە شێوازی پاراڵێل:** ئەو پێشکەشکارانەی مافیان هەیە پێشکەشی کورسی پاراڵێـل بکەن لە نێوان خۆیـان پێشـبرکێ لەسـەر کورسـیەکان دەکـەن، هەروەهـا پێشکەشـکردن لەسـەر ژمـارەی کورسیەکانی پاراڵێل بەشێوەی سەرتاسەری بە پێی پلان دەبێـت و ئـەو پێشکەشـکارەی بەرزتـرین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی پلان وەردەگیرێت و مافی خوێندنی دەبێت.

تێبینی:

أ-کورسی خوێندن بۆ پلانی بنەرەتی وەرگرتن لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسەند کراوە، بە هیچ شێوەیەک زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری تێدا ناکرێت.

ب- لە پێناو دروستکردنی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت، کورسی خوێندن بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەکی حکومی و تایبەت تەرخان ناکرێت،بەڵکو پێشکەشکردن بە شێوەی سەرتاسەری لەسەر کورسیەکان بەپێی پلانی پەسەندکراو لەسەر بنەمای پێشبرکێ و خاڵبەندی دەبێت.

ج- لە پێناو بەدیهێنانی شەفافیەت لە پرۆسەی پێشکەشکردن، پێویستە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی پلان و ژمارەی کورسی پەسەندکراو بە شێوەیەکی فەرمی رابگەیەنێت تاوەکو خوازیاران ئاگاداری وردەکاری ژمارەی کورسیەکان بن.

د- پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی کورسی بە پێی پلانی پەسەندکراو هەڵبژێرێت، واتە نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی خوێندن بکات وەکو کورسی بەخۆرایی و پاراڵێل.

هـ- کەس و کاری پلە (١) یەک وەکو (کچ، و کوڕ، و هاوسەر)ی شەهیدانی سەنگەر و جینۆسایدی هەرێمی کوردستان و هەروەها زیندانی کراو و گیراوی سیاسی هەرێمی کوردستان (ئەوانەی مینحەی مانگانە وەردەگرن) خۆی یان یەکێک لە منداڵەکانی بۆ تەنها یەکجار، ئەگەر هاتوو لە خوێندن و راهێنانی بۆردی پزیشکی بە پێی مەرجەکانی هاتوو لەم رێنماییە لەسەر کورسی پاراڵێل وەربگیرێن، پێویستە نووسراوی پشتگیری بە واژووی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان دوای پەسەندکردنی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی بکەن لە ماوەی پرۆسەی پێشەشکردن هاوپێچ بکەن کە تیایدا ئاماژە بدرێت کە وەزارەتی ناوبراو کرێی خوێندن لە ئەستۆ دەگرن بەپێی ناوەڕۆکی رێنمایی دارایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، تەنها کرێی خوێندنیان لێ وەرناگیرێت و بەڵکو لایەنی دارایی کرێی خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان، بەپێی ناوەڕۆکی رێنمایی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە لەسەر ئەستۆی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبێت.

و- تایبەت بە میچی مافی سەرپەرشتیاری بۆڕدی کوردستانی بەم شێوەیە دەبێت: (پرۆفیسۆر: ٤) و (پرۆفیسۆری یاریدەدەر: ٣) و (راوێژکار: ٣).

ز- ئەو پرۆگرامە نوێیانەی کە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٦- ٢٠٢٧) ڕاگەیەندراون، دوای تەواوبوونی سەرجەم ڕێکارەکانیان و پەسەندکردنی لە لایەن وەزارەتمان، لە پرۆسەی خوێندن و ڕاهێنانی ئەنجومەنی باڵای کوردستان دەست بەکار دەبن و کاری پێ دەکرێت.

ماددەی (٨): لایەنی دارایی خوێندن و ڕاهێنان:

١- بۆ ئەو پێشکەشکارانەی لەسەر کورسیە گشتیەکان بە شێوازی خۆرایی وەردەگیردرێن، ئەوا گشت تێچووی خوێندن و ڕاهێنان لەسەر ئەستۆی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی دەبێت.

٢- ئەو پێشکەشکارانەی لەسەر کورسی پاراڵێل وەردەگیرێن، تەواوی تێچووی خوێندن و راهێنان لەسەر ئەستۆی خۆیان دەبێت.

٣- دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، کرێی خوێندن بە شێوازی پاڕاڵێل لە لایەن ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی پێشنیار دەکرێت بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دوای دیراسەتکردنی لە لایەن فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان بە واژوی وەزیر پەسەند دەکرێت و کاری پێدەکرێت.

ماددەی (٩): ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و ڕاهێنان:

ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و راهێنان لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی بە ڕێنمایی تەواوکاری دەردەچێت.

ماددەی (١٠): حوکمە گشتییەکان:

١- مەرجە پێشکەشکار دەرچووی یەکێک لە زانکۆ باوەرپێکراوەکان بێت کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستانی-عێراق دانپێدانراو بێت یان یەکسانکردنی بڕوانامەی بۆ کرابێت.

٢- مۆڵەتی خوێندن بۆ پزیشکان و کارمەندانی دامەزراو بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە یەکێک لە دام و دەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق کە شایستەی مۆڵەتی خوێندن دەبن بەپێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکانی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، لەکاتی درێژەدان بە خوێندن و راهێنانی بۆڕدی پزیشکی لە (پسپۆڕی گشتی Track I) لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی، شێوازەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ-مۆڵەتی خوێندن بۆ درێژەدان بە خوێندنی بۆڕدی پزیشکی بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (التفرغ التام) دەبێت.

ب- تەنها پێشکەشکارانی هەڵگری بڕوانامەی ماستەری خاوەن نازناوی زانستی هەمیشەیی کە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەن و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین، ئەوا شێوازی مۆڵەتەکەیان بۆ خوێندنی دکتۆرا بە شێوەی خۆتەرخانکردنی نیمچەیی (التفرغ الجزئي) دەبێت بەپێی بڕگەی (١٢) لە ماددەی (٧) لە یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

٣- هەڵگرانی بڕوانامەی بۆڕدی پزیشکی لەکاتی درێژەدان بە خوێندن و ڕاهێنانی بۆڕدی پزیشکی لە پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی، شێوازی پێدانی مۆڵەتی خوێندنەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- هەڵگرانی خاوەن نازناوی زانستی هەمیشەیی کە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەن و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین، شێوازی پێدانی مۆڵەتی خوێندن بە شێوەی خۆتەرخانکردنی نیمچەیی (التفرغ الجزئي) دەبێت.

ب- ئەگەر پێشکەشکار هەڵگری نازناوی زانستی هەمیشەیی نەبێت، ئەوا شێوازی پێدانی مۆڵەتی خوێندن بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (التفرغ التام) دەبێت.

ج- دوای بەدەستهێنانی بڕوانامە، هیچ شایستەیەکی دارایی بۆ بڕوانامەی بۆڕدی پزیشکی لە پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) خەرج ناکرێت.

٤- پێویستە لێژنەیەک بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەن یان یاریدەدەری سەرۆک ئەنجومەن پێک بهێندرێت بە ئەندامیەتی سەرۆکی ئەنجومەنە پسپۆڕییەکان بە مەبەستی پێداچوونەوەی داواکاری پێشکەشکاران و وردبینی کردن لە دۆسیەکانیان بە پێی ڕێنماییەکان و پاشان پەسەندکردنی داواکاریەکانیان، پێشکەشکاران دەتوانن بەشداری تاقیکردنەوەی وەرگرتن بکەن.

٥- پاڵپشت بە (ماددەی سی و یەکەم / یەکەم/ دەسەڵاتە زانستییەکان) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی (٢٠٠٨)ی هەمموارکراو، لە کاتی هەبوونی هەر داواکارییەکی پێشکەشکردن کە لە بڕگە و ماددەکانی ئەم ڕێنماییە ئاماژەی پێنەکراوە، ئەوا ئەندامانی ئەنجومەنە پسپۆڕییەکان پشت دەبەستن بە دەسەڵاتە زانستییەکانیان و بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن، بە مەرجێک پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە نەبێت.

٦- پێویستە قوتابی/خوێنکاری وەرگیراو (جگە لە دانەمەزراو) پێش دەستپێکردن بە خوێندن و ڕاهێنان، وێنەیەک لە فەرمانی مۆڵەتی خوێندن بەپێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لەگەڵ وێنەیەک لە فەرمانی کارگێری دەستلەکارهەڵگرتن لە شوێنی کارەکەی پێشکەش بەئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بکات، بە پێچەوانەوە ناتوانێت دەست بە خوێندن و ڕاهێنان بکات وراستەوخۆ فەرمانی وەرگیرانەکەی هەڵدەوەشێتەوە لە ماوەی (٦) شەش ڕۆژ.

٧- هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر پێشکەشکار سەرجەم دۆکیۆمێنتەکانی تەواو نەبێت تاوەکو دوایین رێکەوتی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت، ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی لیژنەیەک پێکدەهێنێت بۆ ووردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دیاریکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەیان هەیە و ڕادەگەیەنرێت، هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا مافی چاودێری و ووردبینی پڕۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتنی هەیە لە هەموو قۆناغەکان.

٨- لە کاتی پێشکەشکردنی هەر دۆکیومێنتێکی نادروست لە لایەن خوازیار بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و وەرگیران لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی، ئەوا راستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی لە لایەن ئەنجومەنەوە بۆ دەردەکرێت و رێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر و رەوانەی دادگا دەکرێت.

٩- پاڵپشت بە پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان و سەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تاوەکو لەو پلەیەدان، ناتوانن پێشکەشی خوێندن و راهێنانی بۆڕدی پزیشکی بکەن.

١٠- ئەگەر هاتوو وەرگیراوی بۆڕدی کوردستانی لە ماوەی خوێندنەکەیدا، پۆستی وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان و سەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)ی وەرگرت، ئەوا هەڵپەساردنی خوێندن (تعليق الدراسة)ی بۆ دەکرێت تاوەکو تەواوبوونی ماوەی بەرپرسیاریەتی لە پۆستەکەی و دوای کۆتایی هاتن و دەست لەکارهەڵگرتنی لە پۆستەکەی، دەتوانێت دەست بە خوێندنەکەی بکاتەوە.

١١- ئەو کاندیدانەی بە هەر شێوازێکی وەکو ناردن (بعثات) و سکۆلەرشیپ (زمالة) و (خوێندن لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی بۆ فەرمانبەری دانەمەزراو) و (مۆڵەتی خوێندن بۆ فەرمانبەری دامەزراو) بۆ دەرەوەی ووڵات نێردراون، خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا، یان بە هەمان شێوە لە ناوەوەی ووڵات خوێندنیان تەواو نەکردووە و سڕینەوەی ناو (ترقين قيد) کراون یان هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتن لە خوێندنیان بۆ دەکراوە بە هۆکاری جیا جیا، راستەوخۆ مافی پێشکەشکردنیان بە (شێوازی پاراڵێل) دەبێت، بەڵام پێویستە لە سەرەتاوە بە پێی ناوەڕۆکی ئەم رێنماییە پێشکەشی خوێندن و راهێنان بکاتەوە، نەوەک لەو قوناغەوە دەست بە خوێندن بکات کە سڕینەوەی ناو یان هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنی بۆ کراوە.

ماددەی (١١): کار بە ڕێنماییەکانی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٥) و (٧)ی ساڵی (٢٠٢٤) و ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٢٣) و ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٢) هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و نووسراو و بڕیارێکی پێشووتر ناکرێت لەبارەی خوێندنی باڵا کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت، و ئەو قوتابی/خویندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئیستادا بەردەوامن لە خویندن، ئەوا بەپێی ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و نووسراوەکانی پێشوو لە خوێندن بەردەوام دەبن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

ماددەی (١٢): ئەم ڕێنماییە لە دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

هۆیەکانی دەرچوون

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بە مەبەستی ڕێکخستنی مەرج و ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و شێوازی پێشبرکێ و بەدیهێنانی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت لە پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتن لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی بۆردی پزیشکی بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان چەندایەتی و چۆنایەتی خوێندن و ڕاهێنان، هەروەها دروستکردنی هەلی درێژەدان بە خوێندنی بۆردی پزیشکی و پێگەیاندنی پزیشکی پسپۆڕ بۆ داموودەزگاکانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەی دەرکرد.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

ژمارە: ٤٧٥٠ لە ٢٠٢٦/٩/٢

ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦

هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە بەپێی بڕگەی (١١) لەیاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠، بڕیارماندا بە هەموارکردنەوەی بڕگەی (١٧ و ١٨ و ١٩) لە ماددەی (٨) و هەروەها خاڵی (٣) لە ماددەی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ی تایبەت بە یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠٢١)ی سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لەکەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی (١): هەمواری خاڵی (١) لە ماددەی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢٢ بەم شێوەیە دەبێت:
(کرێ ی سەرپەرشتیار مانگانە دەدرێت لە لایەن خاوەن پرۆژەکەوە نابێت لە (٤٥٠٠٠٠) چوار سەدو پەنجا هەزار دینار عێراقی کەمتر بێت بە پێی نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٩٤١٠) لە ٢٠٢٥/٨/٣ کە ئاراستەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کراوە، بە پێی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی عێراقی ژمارە (٣٩ی ساڵی ١٩٧١)ی هومووارکراو بەیاسای ژمارە (٤ی ساڵی ٢٠١٢) یان هەر یاسایەکی تری خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەرکار، جگە لە کرێی هاتووچۆ کە بە ڕێکەوتن دەبێت لە نێوان هەردوولادا).

ماددەی (٢): هەمواری خاڵی (٣) ماددەی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بەسەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان - عێراق هەموار بکرێ بەم شێوەیەی لای خوارەوە:
(گرێبەستی نێوان سەرپەرشتیار و خاوەن پرۆژە لە دادنووس پەسەند بکرێت، وە بەڵێننامە لەسەرپەرشتیار وەربگرێت لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار کە هەستێ بەکاری سەرپەرشتیاری بەکرداری).

ماددەی (٣): هەمواری بڕگەکانی (١٧ و ١٨ و ١٩) لەماددەی (٨) لەڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ هەموارکراو بەژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥ بەم شێوەیەی لای خوارەوە:
أ- بڕگەی (١٧) بەم شێوەیە دەبێت (بۆ سێ پرۆژەی حەوزی ماسی گڵ لایەنی کەم یەک سەرپەرشتیاری دەبێت).
ب- بڕگەی (١٨) بەم شێوەیە دەبێت (بۆ دوو پرۆژەی حەوزی ماسی قەفەس لایەنی کەم یەک سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت).
ت- بڕگەی (١٩) بەم شێوەیە دەبێت (بۆ دووپرۆژەی بە خێوکردنی ماسی لە حەوزی کۆنکرێت لایەنی کەم یەک سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریوس کەمتر نەبێت).

ماددەی (٤): ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

بێگەرد تاڵەبانی

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

وەزارەتی داد

ژمارە: ٣٤٩٠ لە ٢٠٢٦/٩/٢

بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٦

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) وە دوابەدوای بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ی وەزارەتمان تایبەت بە هێنانەکایەی (هۆبەی تۆماری پرۆژە نیشتەجێکان) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی هۆبەی (تۆماری پرۆژە نیشتەجێکان) لە هەریەک لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی (سێمێل و عنکاوە).

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

فەرسەت احمد عبدالله
وەزیــری داد

وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە: ٢٩٣٠٧ لە ٢٠٢٦/٩/٢١

بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٦

فراوانکردنی گوندی (فەقێ محمود) ناسراو بە (نەژوێنی)

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموار کراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٦٩٩٤) لە ٢٠٢٦/٨/١٠ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

یەکەم: فراوانکردنی گوندی (**فەقێ محمود**) ناسراو بە (**نەژوێنی**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/(٤) لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی باوەخۆشێن/ قائمقامیەتی قەزای دەربەندیخان/ پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری (٥٩،٣،٢٩) پەنچا و نۆ دۆنم و سێ ئۆلک و بیست و نۆ دۆنم لەسەر پارچە زەویەکانی ژمارە (٦، ٧/١، ١٤) لە کەرتی (٣٠/فقێ جنە) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

دووەم: ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

ژمارە: ٥١٤٧ لە ٢٠٢٦/٩/٢٠

بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (پێنجەم) بڕگەی (دووەم) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٠) و دوابەدوای بەیانمان بە ژمارە/٢٥١١ لە ٢٠١٧/٤/٢٦ سەبارەت بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری لە پارێزگای هەڵەبجە بڕیارماندا بە:

١- گۆڕینی ناوی (بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری لە پارێزگای هەڵەبجە) بۆ ناوی (بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاو لە پارێزگای هەڵەبجە) بەپێی پەیکەری نوێی وەزارەت .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) دەچێتە بواری جێبەجێ کردن.

بێگەرد تاڵەبانی

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

ژمارە: ٥١٥٤ لە ٢٠٢٦/٩/٢٠

بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦

پاڵپشت بە ماددەی پێنجەم بڕگەی دووەم لە یاسایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسایی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق بڕیارماندا بە:

١- گۆڕینی ناوی (بەشی کشتوکاڵی خەلیفان) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی خەلیفان).

٢- گۆڕینی ناوی (بەشی کشتوکاڵی سیدەکان) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سیدەکان).

٣- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

بێگەرد تاڵەبانی

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

وەزارەتی تەندروستی

بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٦

بەپێی (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە بەپێی بەرنامەی وەزارەتی تەندروستی لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری تەندروستی و چارەسەرکردن بۆ گشت هاووڵاتیان و دانیشتوانی کوردستان بڕیارماندا بە:

کردنەوەی ئەم هۆبانەی لە خوارەوە ناویان هاتووە لە نەخۆشخانەی نەشتەرگەری سوتان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە.

١	هۆبەی جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانە	٨	هۆبەی بانقی خوێن
٢	هۆبەی ژمێریاری	٩	هۆبەی تاقیگە
٣	هۆبەی ئامێرە پزیشکیەکان	١٠	هۆبەی دەرمانخانە
٤	هۆبەی ئامار	١١	هۆبەی پاکتاوی کردن
٥	هۆبەی پرسگە	١٢	هۆبەی دڵنیایی جۆری و کۆنترۆلکردنی هەوکردن
٦	هۆبەی چاککردنەوە	١٣	هۆبەی چاودێری چڕ
٧	هۆبەی تیشک و سۆنار	١٤	هۆبەی شوشتنگە و ئوتو

د. پشتیوان صادق عبدالله
وەزیری تەندروستی بەوەکالەت

وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٦

- کردنەوەی (یەکەی پسولە) لە نەخۆشخانەی فێرکاری شەهیدانی قەڵادزی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٦/٨/٣١.

بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٦

- کردنەوەی (یەکەی دەروونی) لە نەخۆشخانەی ئاشتی فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٦/٨/٣١.

بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٦

بەپێی (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، وە لە بەر بەرژەوەندی گشتی وە بەپێی بەرنامەی وەزارەتمان لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری تەندروستی و چارەسەرکردن بۆ گشت هاوڵاتیان و دانیشتوانی کوردستان بڕیارماندا بە: کردنەوەی (یەکەی فریاگوزاری نشینگە) لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر لە ڕووی تەندروستی و ئامار، بەڵام لەلایەنی کارگێری لە ژێر سەر پەرشتی بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان.

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٦/٩/٢.

د.سامان حسین بەرزنجی
وەزیری تەندروستی